# جیهانگیری، دیموکراسی، تیرۆریزم

ئێریک هۆبزباوم

لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا



سەدەی بیستەم یەکێکە لە قۆناغە سەیروسەمەرەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، چونکە لە یەک کاتدا، کۆمەڵێک کارەساتی زۆر و بێوێنە خۆیان لەم سەدەیەدا کۆ کردوەتەوە، لە هەمان کاتدا لە ڕووی کوالیتیی شمەک و ماتریالییەوە، گۆڕانکاریی گەورە ڕووی داوە، هەروەها هیچ کاتێکیش هێندەی ئەم سەدەیە، توانا و داهێنان و ئەفراندنە مرۆییەکان، بەو شێوەیەی سەدەی بیستەم، پێشکەوتنی بە خۆوە نەدیوە، بە شێوەیەک کە دەتوانێت شێوەی گۆی زەوی بگۆڕێت یان لە ناوی بەرێت و ژیان لە سەر ئەم پلانێتە نەهێڵێت و وێران و خاپووری بکات.

بەڵام ئایا دەبێت ئێمە چۆن سەیری ئەم» سەردەمە ئیکستریمە_ توندڕەوە» بکەین؟ یان دەبێت چۆن بڕوانینە ئەو سەدە نوێیەی، کە لە منداڵدانی سەدەکەی پێش خۆی لە دایک بوە؟ ئەو وتارانەی کە لە بەر دەستدان، هەوڵدانی مێژوونووسێکە بۆ تێگەیشتن لە ڕەوشی گشتیی جیهان لە سەرەتای هەزارەی سێهەم، هەروەها هەوڵدانێکیشە بۆ پەنجەخستنەسەر چەند کێشە سیاسییەکان و ئەنالیزکردن «شرۆڤەکردنی» و تێگەیشتن لێی. ئەم کتێبە تەواوکەری ئەو وتار و کتێبانەن کە پێشتر بڵاوم کردوونەتەوە، بەتایبەتی وتاری «سەردەمی توندڕەوی» کە لە کتێبە مێژووییەکەی « کورتەیەک لە مێژووی سەدەی بیستەم» دا لە ساڵی 1995 دابڵاوم کردوەتەوە.

هەروەها دیدار لەگەڵ ئەنتۆنیۆ پۆلیتۆ کە لە کتێبی «مێژوووی سەدەی بیستویەک» لە ساڵی 2000 بڵاوم کردوەتەوە. هەروەها کتێبی « نەتەوە و ناسیۆنالیزم» کە لە ساڵی 1994 چاپم کرد و ساڵی 2004 یش، دووبارە چاپێکی نوێی کرایەوە.

دیارە ئەو هەوڵانە گرینگ و پێویستن، بەڵام ئایا مێژوونووسەکان دەتوانن چی بکەن؟ کار و ئەرکی سەرەکیی ئەوانە تەنها ئەوە نییە، کە ئەو شتە بە بیر خەڵکی بهێننەوە، کە بیریان چوەتەوە، یان خەڵکی خۆی حەز دەکات لە بیری خۆی بەرێتەوە، بگرە چەندە لە توانایدایە دەبێت بگەڕێتەوە دواوە دژی ئێستا بوەستێتەوە و لە چوارچێوەیەکی نوێدا، شرۆڤەیە نوێی بۆ ڕووداوەکان بکات.

لەم کۆمەڵە وتارەدا، کە زۆربەیان خۆیان بە مەسەلە سیاسییەکانەوە خەریک کردوە، ئەوانیش لە سەر پێنج تەوەرەی سەرەکی جەخت دەکەنەوە، کە ئەوانیش بریتین لە:

1/ جەنگ و ئاشتی لە سەدەی 21 دا.

2/ مێژوو و داهاتووی ئیمپراتۆرییە جیهانییەکان.

3/ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ڤینۆمێن و کۆنتێکستی فیکری ناسیۆنالیزمدا ڕوویان داوە.

4/ قسەکردن لە سەر داهاتووی هەر دوو فیکری لیبراڵیزم و دیموکراتی.

5/ قسەکردن لە بارەی توندڕەوی و تیرۆریستیی سیاسییەوە.

ئەمڕۆ هەموو ئەمانەیش لە سەر شانۆی سیاسیی جیهان ڕوو دەدەن. دیارە ئەمانەیش هەموویان پەیوەستن بە دوو گەشەسەندنی لێکدراوەوە کە ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: گەشەی بێ وێنە و بێ سنووری تواناکانی مرۆڤ، کە دەتوانن لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا و ئابوورییەوە، گۆڕانکاریی گەورە بە سەر گۆی زەویدا بهێنن.

دوەمیشیان: پرۆسەی گلۆبالیزمە.

بەداخەوە یەکەمیان «گەشەسەندنی تەکنەلۆژیایە»، هەتا ئێستا هیچ کاریگەرییەکی وای بە سەر بڕیاردەران و دەسەڵاتی سیاسیدا نەبوە، دیارە هەمیشە ئامانجی سەرەکیی هەموو حکوومەتەکانی جیهان بە پلەی یەکەم ئەوەیە، کە زۆرترین گەشەی ئابووری بە دەست بهێنن، هەروەها هیچ ڕێگاچارەیەکی ڕیالیست «هەقیقی» و دروستیشیان نییە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرانبەر کێشەی گەرمبوونی گۆی زەوی.

لە لایەکی تریشەوە لە ساڵی 1960ـەوە پرۆسەی گلۆبالیزم لە پێشکەوتنی گەورەدایە، بە واتایەکی تر جیهان زۆر بەتوندی بە یەکترییەوە بەستراونەتەوە و هیچ دەسەڵاتێکی لۆکاڵی و سیاسەتێکی

توند و کاریگەریی کەلتووریش، ناتوانێت چالاکییەکانی گلۆبالیزم بوەستێنێت، بەتایبەتییش ئەو فۆرمە بەهێزەی کە خۆی لە بازرگانیی ئازادا دەبینێتەوە، کە هیچ کۆنترۆڵ ناکرێت و هەژموونیشی بە سەر تەواوی جیهاندا سەپاندوە.

لەم وتارانەدا بە شێوەیەکی سەرەکی باس لەو مەسەلانە دەکەم، کە پەیوەستن بە سیاسەتەوە، لە ڕاستیدا تا ڕادەیەکی زۆر سیاسەت تاکە بواری چالاکیی مرۆڤە، کە گلۆبالیزم بە شێوەیەکی کرداری کاریگەریی نەکردوەتە سەری.

ڕێکخراوی (KOF گەشەسەندنی ئابووریی جیهان) کە لە شاری زیوریخی سویسرایە، لە هەوڵێکیدا بۆ پێوەری گلۆبالیزم، کە جێگەی گومانە، ئەو ڕێکخراوە هیچ کێشەیەکی نەبوە بۆ گەیشتن بە زانیاری لە بارەی گەشەی ئابووری، یان چالاکیی کولتووری و پێوەندیی شەخسی، هەروەها هیچ کێشەی نەبوە لە زانینی ژمارەی چێشتخانەکانی McDonald's ماکدۆناڵ یان بازاڕەکانی IKEA ئیکیا کە تایبەتە بە مۆبیلیاتی ناوماڵ، لێ زانیارییە سیاسییەکانیش تەنها لە چوارچێوەیەکی کەمدایە، بۆ نموونە زانینی ئەوەی ئاخۆ فڵانە دەوڵەت لە چ ڕێکخراوێکی جیهانی ئەندامە، ئایا ئەندامی ڕێکخراوی« UN »نەتەوە یەکگرتوەکانە، یان ژمارەی باڵیۆزخانەکانی لە جیهاندا چەندە.

وەک گوتم موناقەشە و شرۆڤەیەکی قووڵ لە بارەی گلۆبالیزمەوە لەم وتارانەدا نییە، لێ سێ سەرنجی گشتیم هەیە، کە ئەوانیش پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەم کتێبەی بەردەستانەوە هەیە، کە ئەوانیش بریتین لە:

یەکەمیان: ئەوەی ئێستا بەجوانی دەرکەوتوە ئەوەیە، کە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی گلۆبالیزم و بازرگانیی ئازاد، مرۆڤایەتییان بەرەو ئەوە بردوە، کە چ لە ئاستی دەوڵەت و چ لە ئاستی جیهانیشدا، بە شێوەیەکی دراماتیکی، نایەکسانییەکی ترسێنەر دروست بوە.

لەوانە بێت بە شێوەیەکی تایبەت دەوڵەتێک توانیبێتی ڕێژەی هەژاری کەم بکاتەوە، لێ ئەمە لە دەرئەنجامی پێودانگە گشتییەکە ناگۆڕێت.

لە پاش ساڵانی 1990ـەوە زۆرترین پلەی نایەکسانی لە ناو کۆمەڵگەکاندا بە تایبەتی لە ژێر بوونی هەلومەرجێکی ڕادیکاڵی ئابووریی ناجێگیردا دروست بوە، دیارە ئەوەیش بە هۆی بڵاوبوونەوەی بازاڕی ئازادی جیهانی، هەر ئەمەیش بوەتە هۆی سەرەکی لە دروستبوونی کۆمەڵێک کێشە و گرفتی گەورەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە سەدەی بیستویەکدا.

ئێستا لە سەر ئاستی جیهان، نایەکسانییەکی گەورە دروست بوە، ئەوەیش زیاتر بە فشار و کاریگەریی بەهێزبوونی ئابوورییە گەشەسەندوەکانی کیشوەری ئاسیا، کە ئەمەیش وای



**ئەوەی ئێستا بە جوانی دەرکەوتوە ئەوەیە کە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی گلۆبالیزم و بازرگانیی ئازاد، مرۆڤایەتییان بەرەو ئەوە بردوە، کە چ لە ئاستی دەوڵەت و چ لە ئاستی جیهانیشدا، بە شێوەیەکی دراماتیکی، نایەکسانییەکی ترسێنەر دروست بوە**



**کاریگەرییە نێگەتیفەکانی گلۆبالیزم و بازرگانیی ئازاد، مرۆڤایەتییان بەرەو نایەکسانییەکی ترسێنەر بردووە**

کردوە ببێتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئاستی ژیانی کۆمەڵگە «کۆنەکانی باکوور» مەبەستی کۆمەڵگە خۆرئاواییەکانە-و. ک-» کە بە شێوەیەکی دراماتیکی ژیانی خەڵکی بەرەو خراپی دەڕوات. لە بەرانبەریشدا گەلانی دەوڵەتە گەورەکانی ئاسیا وەک چین و هیندستان، هیچ کاتێک ناتوانن بگەنە ئاستی ژیانی خۆرئاوا، هەروەها نایشتوانن ڕووبەڕووی کێشە نەتەوەیی و جیهانییەکان بوەستنەوە.

دوەمیان: ئەو نەتەوە و دەوڵەتانەی کە زیاتر بە پرۆسەی گلۆبالیزمەوە گرێ دراون، کەمترین سوودیان لێ وەرگرتوە. ئەمەیش وامان لێ دەکات کە تێڕوانین و بۆچوونی گشتیمان لە بارەی گلۆبالیزمەوە جیاواز دەربکەوێت، بە تایبەتی لە نێوان ئەوانەی کە گلۆبالیزم کاریگەریی خراپی لە سەر کردوون، جا لە سەر ئاستی کۆمپانیاکان بێت کە سوود لە کرێکارە هەژارەکان وەردەگرن، یان لە سەر ئاستی توانا تەکنەلۆژییە بەرزەکان» های تێک» بێت، یان دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا تایبەتییەکان، کە زۆرترین کرێیان هەبوە، هەروەها ئەوانەیشی کە گلۆبالیزم کاریگەریی باشی لێ کردوون. « بە واتایەکی تر لە نێوان سوودمەند و زەرەرمەندی گلۆبالیزمدا، تێڕوانینی جیاواز دروست بوە.»

هەر لەبەر ئەو هۆیانەی لە سەرەوە باسمان کردن، خەڵکی لە کۆمەڵگە کۆنەکان «وڵاتە پیشەسازییەکانی خۆرئاوا» چ لە ڕووی کرێ و نانیشەوە، بە ترسەوە سەیری سەدەی 21 دەکەن، بگرە پێشبینیی شتی خراپتریش دەکەن، کە لەوانە بێت ڕووبەڕوویان ببێتەوە. ئەمڕۆ لە تەواوی جیهاندا خەڵکی ترسێکی گەورەیان هەیە، کە چیتر ناتوانن دەوڵەتەکانیان و سیستەمی کۆمەڵایەتییان «way of life» ستایلی ژیانیان، وەک جاران بپارێزن.

لە ئابوورییەکی گلۆبالدا کە کرێکاران کەوتوونەتە بەردەم کێبەرکێیەکی گەورەوە، لە لایەکەوە لەگەڵ کرێکاری دەرەوەی وڵات، کە چ لە سەر ئاستی توانا و زانستییشەوە وەک یەکن، بەڵام لە ڕووی داهات و کرێوە، لە چاو کرێکاری خۆرئاواییەکان کەمتریان

دەست دەکەوێت. لە لایەکی ترەوە لە سەر ئاستی ناوخۆیش ڕووبەڕووی کێبەرکێیەکی گەورە بوونەتەوە لەگەڵ ئەوانەی کە «کارل مارکس» بە « لەشکری یەدەگی سەرمایە» ناویان دەبات، مەبەست کۆچی جووتیارانە بۆ ناو شارەکان، چونکە ئێستا گوندەکان بوونەتە گەورەترین هەرێمی هەژاری لە جیهاندا. هەلومەرجی گشتیی ئێستایش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئێمە بەرەو قۆناغێکی مێژوویی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ناجێگیر هەنگاو دەنێین.

سێیەمیان: سێهەم و دوا سەرنجیشم دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە کاریگەرییە خراپەکانی گلۆبالیزم، لەوانە بێت چەند دەوڵەتێکی بچووک جیهانی نەبێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە ئەورووپان، گلۆبالیزم کاریگەریی گەورەی لێ نەکردوون، دەنا گلۆبالیزم کاریگەریی گەورەی بە سەر لایەنی سیاسی و کەلتووریی دەوڵەتانی جیهانەوە هەیە. دەتوانین مەسەلەی «کۆچبەران» بە نموونە بهێنینەوە، کە لە زۆربەی وڵاتە پیشەسازییە گەورەکانی خۆرئاوا، بە گەورەترین و سەرەکیترین کێشەی سیاسی دادەنرێت، ئەمە لە کاتێکدا کە تەنها 3% ی هاوڵاتییانی جیهان، لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان دا دەژین.

بە پێی ئەو توێژینەوەیەی کە ڕێکخراوی « KOF » کردوویەتی، لە ساڵی « 2007» تێیدا تێکەوڵابوونی ئابووریی وڵاتان لە ناو گلۆبالیزمدا دەرخستوە، بە پێی ئەو توێژینەوەیە بێت، ئەمریکا پلەی 39 ی هەیە، دوای ئەویش ئەڵمانیا دێت، گەر چی چین پلەی 55 ی هەیە، بەرازیل پلەی 60 ی هەیە، کۆریا « مەبەستی کۆریای باشوورە، . و. ک» پلەی 62 ی هەیە، ژاپۆن پلەی 67 ی و هیندستانیش خۆی لە پلەی 105 دا دەبینێتەوە.

گەرچی ئەوەی پێوەندیی بە لایەنی کۆمەڵایەتیی گلۆبالیزمەوە بێت، ئەوا جگە لە « بەرازیل » نەبێت، دەنا زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی تر لە ڕیزی پێشەوە دێنەوە. لێ ئەوەی جێگەی سەرنجە تاکە دەوڵەتی پیشەسازیی گەورەی خۆرئاوایی، کە گلۆبالیزم چ لە رووی ئابوورییەوە یان لە رووی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەریی گەورەی زۆری تێ کردوە و ناوی لە لیستی Top Ten دە دەوڵەتەکەدایە، ئەوا بەریتانیایە. بۆ ئەمەیش نازانم پێوەندیی بە حاڵەتی مێژووییەوە هەیە یان دیاردەیەکی نوێیە، لێ ئەوەی گرینگە لێرەدا بیزانین ئەوەیە، ئەم حاڵەتە نائاساییە کاریگەریی ڕیشەیی و قووڵی بە سەر لایەنی سیاسییەوە دەبێت جا لە ئاستی دەوڵەتەکان بێت یان لە سەر جیهان بێت.

من وای بۆ دەچم سیاسەتی بەرەنگاربوونەوە» مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی گلۆبالیزمە، و. ک»، دووبارە سیاسەتی پاراستنی نیشتمانی زیندوو ناکاتەوە ، بگرە بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێت، کە گەشە ئابوورییەکانی گلۆبالیزم لە ماوەی دە یان بیست ساڵی داهاتوودا ڕابگرێت و ستۆپیان پێ بکات.

هیوادارم ئەو بەشانەی کە لە بارەی هەژموونگەرایی و ستەمکاریی و ئیمپریالیزم و وەزعی ئێستای سیستەمی کەپیتالیزم و هەروەها باسە گرینگ و نەگۆڕاوەکانی وەک ستەمکاریی دەوڵەتی و تیرۆر، بۆ خوێنەرانم ڕوون بێت و پێویستییان بە هیچ شیکردنەوەیەکی زیاتر نەبێت لە لایەن منەوە.

هەمان بۆچوونم هەیە بۆ هەر دوو بەشەکەی کە لە بارەی ماسەلەی دیموکراتییەوە نووسیومە، هەر چەندە باش دەزانم، ئەوەی من خستوومەتە ڕوو، لەوانە بێت، ببێتە مایەی سەرسوڕمانی خەڵکانێک لە خۆرئاوا. دیارە هیچ وشەیەک یان چەمکێکی سیاسی هێندە وشەی دیموکراتی لە خۆرئاوادا، بە شێوەیەکی ئاشکرا، قسە و چەلەحانێی لە بارەوە نەکراوە، لە لایەکی ترەوە لێرە» مەبەستی خۆرئاوایە، و. ک « هەموو کاتێک زۆر بەسەرسامییەوە باسی لەو حکومە مەزنەیان دەکەن، کە لە لایەن زۆرینەیەکی حسابییەوە هەڵدەبژێرێت، ئەو هەڵبژاردنەی کە لە نێوان پارتە ڕکابەرە جیاوازەکان دەکرێت و دواتریش گەڵ دەنگیان پێ دەدات. هەر چەندە لە فەرهەنگی سیاسیی حکومەتەکەی بوش /دا ئەم وشەیە



**لە ئابوورییەکی گلۆبالدا کە کرێکاران کەوتوونەتە بەردەم کێبەرکێیەکی گەورەوە، لە لایەکەوە لەگەڵ کرێکاری دەرەوەی وڵات، کە چ لە سەر ئاستی توانا و زانستییشەوە وەك یەکن، بەڵام لە ڕووی داهات و کرێوە، لە چاو کرێکارە خۆرئاواییەکان کەمتریان دەست دەکەوێت**

«مەبەستی دیموکراتییە. و. ک» هەموو ناوەڕۆکی خۆی لە دەست داوە.

ئەوەی من نووسیوە، تەنها ئەرکێک و هەنگاوێکی بچوکە، وەک هەناسەیەکی گەرم وایە کە پێویستە بۆ عەقڵ و هەستێکی دروست، هەروەها کارکردنە بۆ خولقاندنی فۆرمێکی نوێ لە حکومڕانی کە لەگەڵ ویست و ئیرادەی مرۆڤەکان بێتەوە و بۆ هەموو مرۆڤەکانیش بێت، دەوڵەمەند و هەژار، زیرەک و دەبەنگ، خەڵکی شارەزا و پسپۆڕ، ناشارەزا و بێ ئاگا لە دونیا، بۆ هەموو مرۆڤەکان، ئەوانەی کە پێویستیمان بە دیالۆگ و گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا هەیە، لە هەمان کاتیشدا پێویستیمان بە ڕەزامەندیی بوونیشیان هەیە، بۆ دروستکردنی ئەو جۆرە فۆرمەی دەسەڵاتی سیاسی، کە بە نیازین دروستی بکەین.

ئەم وتارانەی لە بەر دەستتاندایە، ئەم وتارانە باسی کۆمەڵێک ڕووداوی جیاواز دەکەن، کە تێیدا هەوڵم داوە ئەوە ڕوون بکەمەوە، کە ڕەوشی گشتیی جیهان یان بەشێکی گەورەی جیهان، لە ئێستادا چۆنە و لە چیدایە و چۆن دەگوزەرێت، هەروەها ئەمانە گوزارشت لە کارێکی قورس دەکەن، کە تێیدا کێشەکانی جیهانی دەرخستوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە سەرەتای سەدەی نوێوە ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی بوونەتەوە، بەڵام لە بیریشتان نەچێت، ئەم وتارانە هیچ ڕێگەچارەیەکی پراکتیکیان نەخستوەتە ڕوو.

ئەمانە باسی ئەو کێشانە دەکات کە لە نێوان ساڵانی 2000 بۆ 2006 ڕوویان داوە و گوزارشت لەو کێشە گەورە گرینگانەی جیهان دەکەن، کە لەو ساڵانەدا ڕوویان داوە و مرۆڤایەتییان بە خۆوە خەریک کردوە. خاڵی گرینگ و سەرەکییش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بڕیارەی حکومەتی ئەمریکا کە لە ساڵی 2001ـەوە دەری کرد، ئەویش بریتییە لەو سیاسەتەی کە لە ڕێگەی هێزەوە هەژموونی خۆی بە سەر جیهاندا دەسەپێنێت، هەروەها هەموو ڕێکەوتننامە جیهانییەکان کە پێشتر لە نێوان دەوڵەتانی جیهاندا کرابوون، هەموویان بخاتە ژێرپێ و هەڵیان وەشێنێتەوە. جگە لەوەیش ئەو مافە بە خۆی بدات، هەر کاتێک ویستی لە هەر شوێنێکی جیهاندا جەنگ لە دژی دەوڵەتانی تر هەڵبگیرسێنێت و هێزەی سەربازی بە کار بهێنێت. دواتریش هەر ئەمەیشیان کرد و ئەم سیاسەتەی خۆیان بە سەر جیهاندا سەپاند.

لە ئەنجامی ئەم سیاسەتەیشەوە، ئەو کارە قێزەونەی عێراقی لێ کەوتەوە ، هەر چەندە چیتر پێویست ناکات لە بارەی ئەوە قسە بکەین، کە ئاخۆ ئەم کارە واقیعی بوو یان نا، هەر چەندە ئەمەیش سروشتی ئەکادیمیستەکانە.

لێ ئەوەی گرینگە بۆ خوێنەران، دەبێت بەر چاویان ڕوون و ئاشکرا بێت لەوەی، کە ئەم وتارانە لە لایەن

نووسەرەکەوە نووسراون، کە خۆی زۆر بەتوندی دژی ئەو پرۆژەیە وەستاوەتەوە [مەبەستی سیاسەتەکانی ئەمریکایە لە جیهان، و. ک»].

دیارە ئەمەیش لە لایەکەوە بەشێکی پێوەندیی بە بیرورای توند و تۆکمە و نەگۆڕی سیاسیی نووسەوە هەیە، لە لایەکی تریشەوە پێوەندیی بە کارە قێزەون و نامرۆڤانەکانی ئیمپریالیزمەوە هەیە، ئیتر گرینگ نییە ئاخۆ ئەو زلهێزانەی جیهان، ئەو کارانەی کە دەیکەن، وەکوو پاداشتێک و خزمەتکردنی قوربانییەکان بێت، بۆیە وڵاتەکانیان داگیر دەکەن! یان پێوەندیی بە عەقڵیەتی ڕاسیزمی سپیپێستەکانەوە هەبێت، کە هەمیشە وا ئیدعا دەکەن، کە ئەوان لە ڕەگەزەکانی تر باشترن و مافی داگیرکردن و ستەمکاریان بە سەر ئەوانی ترەوە هەیە.

دیارە ئەم بۆچوونە ڕەخنەئامێزانەیش، لە سۆنگەیەکی عەقڵانییەوە سەرچاوە دەگرن، چونکە گومانم لەو «نەخۆشیی خۆبەگەورەزانین» و کارە نەخۆشانەی دەوڵەتان و دەسەڵاتدارانی خۆرئاوا هەیە، کە باوەڕیان بە ڕاستی و دروستی دەسەڵاتی بێسنووری خۆیان هەیە.

هیچ پێویست ناکات کە گرینگی بدەین بەو هەموو ئارگومێنت و درۆیانەی، کە زۆربەی سیاسەتمەداره ئەمریکی و بەریتانییەکان دەیانکرد و لە لایەن پروپاگەندەچییەکانیش برەویان بەو سیاسەتانە دەدا، جا ئەوانەی کە پارەیان وەردەگرت یان ئەوانەی کە بە بەلاش ئەم کارەیان دەکرد. هەروەها ڕۆژنامە و دەزگا ئیعلامییە گەورە و بچووکەکان، لۆبیستەکان، هەوادار و ئایدیۆلۆژیە دەبەنگەکان، کە پشتگیریی سیاسەتەکانی حکومەتی ئەمریکایان لە ساڵی 2001ـەوە دەکرد، هەموو ئەمانە هیچ مایەی گرینگیپێدانی ئێمە نین.

دیارە زۆر کەم زانیاریی ڕاستودروست لە بارەی جەنگی عێراقەوە دەردەکەوێت، هەر چەندە ئەمە بووەتە بەشێک لە سیاسەتی دەوڵەتە زلهێزەکان، ئەمڕۆ کارێکی ئاساییە، گەر ببینین لە ناکاو لەشکرکێشییەکی گەورە بکرێت و سنووری دەوڵەتێک ببەزێنرێت، ئەوەیش بە بیانووی بوونی هەڕەشە بۆ سەرمان یان لە ژێر ناوی پاراستنی مافی مرۆڤەوە، ئەمە لە کاتێکدا هەتا دێت بەربەریەت بە سەر جیهاندا زاڵ دەبێت و توندوتیژی و ئاژاوە و نائارامی بووەتە کارێکی شەرعی، بگرە لە زۆر شوێنی جیهاندا توندوتیژیی و پشێوی وەک کارێکی پێویست سەیر دەکرێت.

بە لای هەندێک کەسەوە حەزی ئیمپریالسیتی و سەپاندنی هەژموونی خۆیان بە سەر گەلانی ترەوە، بە تایبەتی گەر ئەمە لە لایەن زلهێزێکەوە بکرێت، کە توانای ئەوەی هەیە، ببێتە هێزێکی ئیمپریالیستیی جیهان، لە پێش



**گومانم لەو «نەخۆشیی خۆبەگەورەزانین» و کارە پڕ نەخۆشییەکانی دەوڵەتان و دەسەڵاتدارانی خۆرئاوا هەیە، کە باوەڕیان بە ڕاستی و دروستی دەسەڵاتی بێسنووری خۆیان هەیە**

هەموویشـیانەوە ئەمریـکا. کـە زۆر جـار نـاوی « ئیمپریالیسـتی مافـی مرۆڤـی « لـە خـۆی دەنێـت، ئەمـە لـە نیقـاش و چەلەحانێکانـی میدیـای ئەمریکیـدا دەکـرا، بەتایبەتـی لـە کاتـی جەنگـی بەلقـان، کاتێـک دەوڵەتـی یوگۆسـلاڤیای کۆمۆنیسـتی رووخـا و ئـەم وڵاتـە پارچەپارچـە بـوو، بـە تایبەتـی تریـش کاتێـک کـە جەنگـی بۆسـنیا روویـدا.

ئێسـتا خەریکـە وای لـێ هاتـوە کـە تەنهـا لـە رێگـەی پەلامـاردان و هێرشـێکی سـەربازییەوە، دەتوانیـن کێشـە جۆراوجـۆر و زۆرەکانـی جیهـان چارەسـەر بکەیـن، هەروەهـا ئـەوە تەنهـا ئەمریکایـە، کـە دەتوانێـت و مافـی ئـەوەی هەیـە، هێـزی سـەربازی بـە کار بهێنێـت.

بـۆ ئەمریـکا ئاسـاییە پەلامـاری ئـەم و ئـەو بـدات، دەیشـڵێت ئەمریـکا هیـچ بەرژەوەندییەکـی سیاسـی و ئابووریـی لـەم ناوچەیـەدا نییـە! بگـرە خەڵکانێـک وا وێنـای ئـەو پەلامـارەی ئەمریکا دەکـەن، کـە کارێکی جوامێرانەیـە و هیـچ بەرژەوەندییەکـی تایبەتیـان لـە پشـت نییـە. منیـش لـە وتارەکانمـدا ئامـاژەم بـەم ڕەوشـە داوە.

بـەڵام بۆچـی لـەو ناوچانـەی کـە بـە نـاو کار «بـۆ بڵاوکردنـەوەی سیسـتەمی دیموکراسـی دەکرێـت» ئەمـە بـە کارێکی بـاش دانانرێـت؟ بۆچـی دەبێـت ئێمـە دژی ئـەم سیاسـەتە بوەسـتینەوە؟ ئایـا هیـچ سـەرنجێک و شرۆڤەیەکـی نوێتر هەیـە، بـۆ وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە؟

هـەر چەنـدە لـە ڕاسـتیدا ئـەوان تـەواو پێچەوانـەی ئـەم قسـانە کـە دەیکـەن، کار دەکـەن. سیاسـەتی نێودەوڵەتیـی زلهێـزەکان، وا خۆیـان دەردەخـەن کـە ئـەوان پاڵـەوان و داکۆکیکاری سەرسـەختی مافەکانـی مرۆڤـن، دیـارە ئەمەیـش زیاتـر لـە ڕێگـەی کۆمپانیاکانـی بـواری پێوەندیـی گشـتییەوە بـرەوی پـێ دەدەن، لـێ ئـەوان لـە ڕاسـتیدا ئامانجـی سـەرەکیی خۆیـان دەزانـن چییـە و دەبێـت چـی بکـەن، لـە کاتێکـدا ئـەوان گـەر پێویسـت بێـت، ئـەوا سـڵ ناکەنـەوە کـە بەربەریتریـن میتـۆد بـە کار بهێنـن بـۆ جێبەجێکـردن و گەییشـتن بـە ئامانجەکانیـان، ڕێـک چـۆن لـە سـەدەی 20 رووی دا و بینمیـان چـۆن زلهێـزەکان مامەڵـە دەکـەن.

بـە پێچەوانـەوە گـەر سـەیری مێـژوو بکەیـن ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێـت، ئەوانـەی بەرگـری و داکۆکـی لـە مرۆڤایەتـی دەکـەن و ئەوانـەی خاوەنـی پەیامێکـی مرۆڤایەتـی بـوون بـۆ جیهـان، دەوڵەتانـی پەراوێخـراو بـوون و هیـچ کاتێـک دەوڵەتانـی تـر ئامـادە نەبـوون پێوەندییـان لەگەڵـدا ببەسـتن، دەتوانیـن بـۆ نموونـە باسـی فەرەنسـای دوای شـۆڕشـی 1792 یـان رووسـیا دوای شـۆڕشـی 1917 بـە نموونـە دابنێـن، هـەر چەنـدە هیـچ کاتێـک ناتوانیـن ئەمریـکای جـۆرج واشـنتۆن بـە نموونـە بهێنینـە و، هـەر چەنـدە لـەو کاتەدا ئەمریـکا گۆشـەگیر و پەراوێزخـراو بـوو لـە لایـەن جیهانیـی ئـەو کاتـەوە.

خاڵـی سـەرەکیی سیاسـەتی بنەڕەتـی هەمـوو دەوڵەتانـی جیهـان ئەوەیـە، کـە داکۆکـی لـە بەرژەوەندییەکانـی خـۆی دەکات. دیـارە لەمـڕۆدا مەسـەلەی مرۆڤایەتـی، بوەتـە بیانوویەکـی سـەرەکی بـۆ هەمـوو پەلامارێکـی سـەربازی بـۆ سـەر دەوڵەتـان و تەداخولکـردن لـە کاروبـاری ناوخۆیـی وڵاتانـی تـر، ئەوەیـش بـە پشتبەسـتن بـە سـێ فاکتـەری سـەرەکی کـە ئەوانیـش بریتیـن لـە:

-لـە جیهانـی ئەمڕۆمانـدا جـۆرە ڕەوشـێکی ترسـناک دروسـت بـوە، کـە زۆر جـار بوەتـە هـۆی کۆمەڵکوژی و جینۆسـایدی، ئەمەیـش وا دەکات کـە تەداخولکـردن و پەلامـاری سـەربازیی دەرەکـی بکاتـە زەروورەتێـک بـۆ وەسـتانی ئـەم کارەسـاتە، ئەمەیـش ئـەوەی لـێ کەوتوەتـەوە بەرژەوەندییـەکان، بـەو کارەسـاتانەوە گـرێ بدرێـت.

-لـە زۆر حاڵەتـدا ئـەم هەلومەرجانـەی تێـدا دروسـت دەبێـت، بـۆ نموونـە کاتێـک باسـی ڕەوشـی عێـراق و ئێـران لـە میدیاکانـدا دەکرێـت، تەنهـا دیمەنـە ناشـیرین و قێزەونـەکان دەردەخرێـن و بـە شـێوەیەک کـە هەمیشـە بڵێیـن « ڕەوشـەکە چێـتر لەمـە زیاتـر مایـەی قبووڵکـردن نییـە و پێویسـتە تەداخولی بیانـی بکرێـت « لـێ دوو حاڵەتـی ترمـان هەیـە، کـە لـە ڕاسـتیدا وا بـوە و کۆمەڵکوژیـی و جینۆسـاید کـراوە، ئـەو دوو حاڵەتەیـش بریتیـن لـە: یەکەمیـان کاتێـک سـاڵی 1979 کـە ڤێتنـام




پەلاماری کەمبۆدیای دا و کۆتایی بە ڕژێمە تۆقێنەرەکەی « پۆل پۆت» هێنا دوەمیان، یان کاتێک تەنزیانیا لە ساڵی 1979 کۆتاییی بە ڕژێمە تیرۆریستییەکەی « عیدی ئەمین « لە ئۆگەندا هێنا.

-دیارە پەلاماری سەربازیی دەرەکی ناتوانێت ببێتە ڕێگاچارە بۆ کێشە لۆکاڵییەکان و ناتوانێت ئاشتی و ئارامی بۆ ئەو وڵاتانە دابین بکات، ئەمەیش بە سەر هەموو حاڵەتەکانی تری تەداخولی دەرەکی ڕاستە، بیرکردنەوە لەو جۆرە چارەسەرانەیش مایەی گومانلێکردنە، دەتوانین هەر دوو حاڵەتی « تەیموری خۆرهەڵات و لیبیریا» وەک نموونە وەربگرین. لەم دوو حاڵەتەدا تەداخولی دەرەکی توانیی تەنها بۆ ماوەیەکی کورت ئاشتی دابین بکات و ئامانجەکانی خۆی بپێکێت، بەڵام ئەمە نابێت وامان لێ بکات کە لەو پرەنسیپە جیهانییە لا بدەین کە باوەڕی بە « تەداخول نەکردن لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتان هەیە».

دەتوانم بڵێم تەنها لە حاڵەتی «کەمبۆدیا و ئۆگەندا» نەبێت، کە سیاسەتی ئیمپریالیستی و هەژموونگەرایی و مەیلی داگیرکاری بە سەریدا زاڵ نەبوو، جێگەی ئاماژەیشە، ئەمریکا و چین، هەتاوەکوو کۆتاییی ڕژێمی پۆل پۆت، پشتگیریی ئەو ڕژێمە خوێناوییەیان دەکرد.

هەر چەندە ئەو دوو تەداخولەی پێشوو، جیاوازن لەو لەشکرکێشی و

تەداخولانەی ئەم دواییە، کە بەرزترین ئاستی تەکنەلۆژیای سەربازییان تێدا بە کار هێنراوە و ئامانجی سەرەکییشیان، سەپاندنی هەژموونی ئەمریکا بوە لەو ناوچانە.

ئەو لەشکرکێشییە سەربازییانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا روویان داوە، تەواو جیاوازن لەوانەی ساڵانی پێشوو، زۆربەیان دەتوانم بڵێم خۆبەخۆ بوون، زۆر دووریش بوون لە پرسە مرۆییەکان. گەرچی لە ناوچەی بەلقانی ئەوروپا، لە ساڵانی 1990ـەوە مەسەلەی مرۆڤایەتی و هاوکاریکردنی مافی مرۆڤ رۆڵێکی گەورەی گێراوە بۆ تەداخولکردنی خۆرئاوا و لەشکرکێشییان لەم ناوچەیە، لێ ئەمەش تاکە فاکتەری ئەو لەشکرکێشییە نەبوە. هەر چەندە خەڵکانێکیش لێرەدا بۆچوونی جیاوازتریان هەیە و پێیان وایە، دەکرا ئەو وەحشیگەری و کۆمەڵکوژییە زووتر رابگیرایە، نەک سەیر بکرایە تا سربەکان و کرواتەکان و موسڵمانەکانی بۆسنیا یەکتری لە ناو بەرن، ناوچەکەیش بەتەواوی لە دۆخێکی نائارام و پشێودا بهێڵنەوە.

لە حاڵەتی کۆسۆڤۆیش ساڵی 1999 دا، بە هەمان شێوە گوتیان جگە لە رێگەی سەربازی هیچ رێگەچارەیەکی تر لە بەر دەستا نەماوە تا کێشەکە چارەسەر بکەین، لەو کاتەدا چەکدارە توندڕەوە ناسیۆنالیستە ئەلبانییەکان، دژی سربییەکان دەجەنگان، ئەمەیش بوە ناونیشانی جەنگەکە، لە کاتێکدا هیچ بواریان بە دیپلۆماتی رووسی نەدا و بەم شێوەیەیش هەڵوێستی سربیایان خستە پەراوێزەوە.

هەر چەندە لێرەیشدا رەوشی مرۆیی خەڵکی ناوچەکە، وەک ناوچەی بۆسنیا، هێندەی تر خراپتر بوو، چونکە بە هۆی هێرشی چەکدارە ئەلبانە ناسیۆنالیستەکانەوە، سربەکان تووڕە کران و ئەوان دەستیان کرد بە دەرکردنی ئەلبانە کۆسۆڤۆییەکان، لەبەر ئەوەی کە جەنگیش هەمیشە پێویستی بە قوربانیی خەڵکی سڤیلە. سربیا بۆ ماوەی چەندین مانگ لە لایەن خۆرئاواوە بۆمباران کرا. لە لایەکی تریشەوە ئەم رەوشە وای کرد، هێندەی تر پێوەندیی نێوان سربەکان و ئەلبانەکان خراپتر ببێت. بە دڵنیاییەوە هەموو تەداخول و لەشکرێشییەکانی خۆرئاوا لە بەلقان، هیچ یەکێک لەو ئامانجانەی نەپێکا، تەنها بۆ ماوەیەکی کورت ئاشتی دروست بوو، لێ هێشتا ناوچەکە نائارامە و کێشەی زۆری تێدایە، دیارە لەو ناوچەیەدا جگە لە « کرواتیا » نەبێت، کە سوودمەند بوو لەم لەشکرکێشییەی خۆرئاوا و کەمێک ئاشتی و ئارامی تێدا بەرقەرار بوە، بەڵام لە حاڵەتەکە لە جەنگی ئەفغانستان و عێراقدا جیاوازترە، ئەو کاتەی کە ساڵی 2001 لەشکری ئەمریکا پەلاماری ئەم دوو وڵاتەی دا، لەم دوو حاڵەتەدا بە ناوی هاوکاریکردنی مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤەوە نەکرا، لێ میدیاکان لە درۆکردنی خۆیان نەوەستاون و ئەم جەنگەیان بە جەنگی لەناوبردنی چەند رژێمێکی ستەمکار و درندە وەسف کرد، ئەو رژێمانەی کە بە دڵی خۆرئاوا نەبوون.

دیارە گەر رووداوەکانی 11ـی سێپتەمبەر روویان نەدایە، ئەمریکا نەیدەتوانی هەر وا بەئاسانی پەلاماری ئەم دوو وڵاتە بدات و جەنگیان بە سەردا بسەپێنێت. جەنگی ئەفغانستان، لە لایەن دەوڵەتانی ترەوە بەئاسایی وەرگیرا و دیسانەوە قەوانە کۆنەکەی خۆیان لێ دایەوە و ئەم جەنگەیان بە « ریالسیت» وەسف کرد و هۆکاریان بۆ دۆزییەوە، بەڵام لە بارەی جەنگی عێراقەوە حاڵەتەکە جۆرێکی تر بوو، چونکە زۆرێک لە دەوڵەتانی جیهان دژی وەستانەوە.

دیارە ئەوە راستە هەر دوو رژێمی تاڵیبان و سەدام حوسێن زۆر بەئاسانی رووخێنران، لێ هیچ کام لەم دوو جەنگە سەرکەوتنی هەقیقیان بە دەست نەهێنا، بەدڵنیاییشەوە هیچ کام لە ئامانجەکانی ئەمریکای نەهێنایە دی، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە سەرەتای جەنگەکە باسیان لێوە دەکرا، کە ئەویش بریتی بوو لە: دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی هاوشێوەی خۆرئاوا لەو دوو دەوڵەتەدا، کە بەهاکانی خۆرئاوا هەڵبگرێت و دواتر ببنە نموونەیەکی

جوان کە هەموو ناوچەکە رووناک بکاتەوە و پرۆسەی دیموکراتیزەکردن لەم ناوچانە دەست پێ بکات.

لە هەر دوو جەنگەکەدا، بەتایبەتییش لە حاڵەتی عێراقدا، بوە کارەساتێکی گەورە، کە بۆ ماوەیەکی درێژ نائارامی و لەناوبردن و ماڵوێرانی و خوێنڕشتنی زۆری بۆ هێنا و هەتاوەکوو ئێستایش بەردەوامە و هیچ ئاسۆییەکی ئاشتی و ئارامییش دیار نییە.

لە هەر دوو حاڵەتەکەیشدا ئەم جەنگانە لە لایەن هێزێکی دەرەکی گەورەوە کراوەن، کە خاوەنی لەشکرێکی بەهێز و گەورەیە. لە هەر دوو حاڵەتەکەیشدا هەتاوەکوو ئێستایش هیچ ڕێگاچارەیەکی باش نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم دوو دەوڵەتە و گەڕانەوە ئاشتی و ئارامی بۆیان. لە هەر دوو دەوڵەتەکەدا هێشتا داگیرکاریی سەربازی و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن ئەمریکاوە بەردەوامە.

لە باشترین حاڵەتدا دەتوانین ئەوە بڵێین، کە پەلاماردان و لەشکرکێشیی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان، نەیتوانی کۆتایی بە جەنگێکی خوێناوی بهێنێت و جۆرە ئارامی و ئاشتییەک لەم دوو دەوڵەتە بخوڵقێنێت، تەنانەت ئەو دەرئەنجامە کەمێک باشانەی کە لە ناوچەی بەلقانی ئەورووپا بە هۆی لەشکرکێشیی خۆرئاوا دروست بوو، لێرە ئەوەیش نەک بە دی نەهات، بگرە تووشی بێئومێدیی گەورەی کردن، بەتایبەتی لە حاڵەتی عێراقدا، ڕەوشەکە هەر زۆر خراپ بوو. لە کاتێکدا ئەوانەی پەلاماریان دا، دەیانگوت دەچین گەلێک لە ژێر چنگی ڕژێمێکی دیکتاتۆر ڕزگار دەکەین، هەر ئەمەیشیان کردە هۆکاری جەنگەکەیان، بەڵام بەپێچەوانەوە ڕەوشی گشتیی خەڵکی عێراق هەر بە تەواوی خراپتر بوو.

هەموو ئەو پەلامارە سەربازییانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا کراوە و هەموو تەداخولکردنێکی کاروباری ناوخۆی وڵاتان، کە لە لایەن زلهێزەکانەوە ئەنجام درا بێت، هەر هەموویان شکستیان هێناوە و سەرکەوتوو نەبوون. هۆکاری ئەم شکستە گەورانەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قسە دروستکراوەی کە ناویان لێ ناوە « ئیمپریالیزمی مافی مرۆڤ»، ئەمانە پێیان وایە، کە ڕژێمە ستەمکارەکان، لە ناوخۆی وڵات هیچ هێزێکی سیاسی نییە بتوانێت بیانگۆڕێت و تەنها لە ڕێگەی پەلاماری هێزێکی دەرەکییەوە دەتوانرێت ئەو ڕژێمە بگۆڕێت و دەوڵەتێک دامەزرێت کە لەگەڵ بەها و پرەنسیپەکانی خۆرئاوادا بگونجێت. جێگەی ئاماژەیە ئەم جۆرە تێڕوانینە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەم و قۆناغی « جەنگی سارد» کە لەو کاتەدا بە دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیان دەگوت ڕژێمی « تۆتالیتاریزم».



**پەلاماری سەربازیی دەرەکی ناتوانێت ببێتە ڕێگاچارە بۆ کێشە لۆکاڵییەکان و ناتوانێت ئاشتی و ئارامی بۆ ئەو وڵاتانە دابین بکات، ئەمەیش بۆ هەموو حاڵەتەکانی تری تەداخولی دەرەکی ڕاستە، بیرکردنەوە لەو جۆرە چارەسەرانەیش مایەی گومانلێکردنە**

ئەوان دواتر بۆیان دەرکەوت، بە تایبەتیش لە کاتی ڕووخانی یەکێتیی سۆڤێت و لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی دیموکراتی لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی پێشوو لە دەوڵەتانی ئاسیا و ئەمریکای لاتین، لەو کاتانەدا چەند ڕژێمێکی دیکتاتۆری و دژە کۆمۆنیستی و ستەمکار، حوکمی ئەو وڵاتانەیان دەکرد، خۆرئاوایش ئەم جۆرە ڕژێمانەی بە دڵ نەبوو و لەگەڵ مەزاجی ئەواندا نەدەهاتنەوە، هەر بۆیە گەییشتنە ئەو قەناعەتەی کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی و لەشکرکێشیی بۆ سەر ئەو وڵاتانە، ناتوانرێت گۆڕانکاریی سیاسی و کولتووری بکرێت، چونکە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بەها و دامەزراوە دیموکراسییانەی لە ناو ئەو کۆمەڵگایانەدا، پێویستە، پێشتر لەو کۆمەڵگایانەدا بنەمایەکەی بەهێزیان هەبێت و لە لایەن خەڵکییەوە قەبووڵ بکرێن.

دیارە دیموکراتی و بەهاکانی کۆمەڵگەی خۆرئاوایی لەوانە « مافی مرۆڤ» ناتوانرێت وەک ئایدیۆلۆژیایەکی هێنراو سەیر بکرێت، کە لە لایەن خەڵکییەوە وەک شتێکی ئاسایی وەربگیرێت و بە کار بهێنرێت. هەروەها ناکرێت ئەمانە وەک شمەکێکی هێنرا و سەیر بکرێن، بۆ نموونە وەک پاسکیلێک یان ئۆتۆمبیلێک، تەنانەت وەک خزمەتگوزارییەکیش ناکرێت سەیر بکرێن بۆ نموونە، وەک فرۆکەخانەیەک، یان وەک چەکێکی ماڵوێرانکەری وەک AK-47 نییە.

گەر شتەکان بەو شێوەیە بوونایە، ئەوا ئێستا هەموو دەوڵەتانی ئەورووپا و ئاسیا و ئەفریقا، لە ڕووی « تیۆرییەوە» لە ژێر سایەی دەستوورێکی دیموکراتیدا دەژیان و لە ڕووی سیاسییشەوە زۆر لە یەکترەوە نزیک دەبوون.

دوا وشە:

لە کۆتاییدا دەمەوێت سوپاسی هەموو ئەوانە بکەم کە هاوکارییان کردم بۆ ئەوەی بگەمە ئەم جۆرە قەناعەتەی ئێستام، هەروەها سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێ و دۆستانەم دەکەم، کە گوێیان بۆ گرتم و لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان، لەگەڵمدا نیقاش و دیالۆگ و گفتوگۆی زۆرمان پێکەوە کرد، لە پێش هەموویشیانەوە هاوڕێیانم لە نیودەلهی و زانکۆی هارڤارد و نیویۆرک.

وەک نووسەرێکیش سوپاسی ئەم دەزگا ئیتالییە دەکەم بۆ چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوە، چونکە ئەوان یەکەم کەس بوون کەهانیاندام و هاوکارییان کردم، تاوەکو هەموو ئەم وتارانەم لە شێوەی کتێبێکدا کۆ بکەمەوە و دواتریش هەر خۆیان بۆم چاپ و بڵاو بکەنەوە، لە پێش هەموویشیانەوە Bruce Hunter و Ania Corless، کە هاوکاریی و پشتگیریی من و خەڵکانی تریش دەکەن، تا لەم جۆرە پرۆژانەیان بۆ جێبەجێ بکەن.

لە لایەکی ترەوە پێم خۆشە لێرەدا داوای لێبوردن لە خوێنەرانی ئەم کتێبە بکەم، چونکە لە ناو زۆرێک لە وتارەکاندا، لەوانە بێت چەند شتێک دووبارە کرابێتەوە، نەیشمتوانی لە کاتی کۆکردنەوەی وتارەکاندا لایان بەرم. هەر چەندە توانیم چەند دانەیەکیان لابەرم، بەڵام نەمتوانی هەموویان لابەرم، چونکە دەبوە هۆی ئەوەی کە تەواوی بۆچوونەکانم بەباشی نەگەن و تەواوی کتێبەکەیشی تێک دەدا، لەو باوەڕەیشدام، هەموو بابەتەکانی ناو کتێبەکە پێکەوە گرێ دراون و ناکرێت هەندێک بابەت لابەرم، لەبەر ئەوە لەوانەبێت دووبارەم کردبێتەوە. هەر چەندە پێدەچێت ئەمەیش یارمەتیی خوێنەر بدات کە بە شێوەیکی جیدییتر لە مەسەلەکان قووڵتر ببنەوە. لە لایەکی تریشەوە دەبێت دان بەو ڕاستییەیشدا بنێم، کە دووبارەکردنەوە، بەشێکە لە کاری نووسەر، جگە لەوەیش نامەوێت لەوە لا بدەم کە پێوەندیی بە کەسایەتیی خۆمەوە هەیە و لە هەموو ژیانمدا ئولفەتم پێوە کردوە، مەبەستم لەوەیە هەمیشە ویستوومە زیاتر فێر ببم و باشتر تێ بگەم و دڵنیاتر بم. هیوادارم لەم خوە ئاساییەم، سنوورم نەبەزاندبێت و ئێوەم بێ تاقەت نەکردبێت.

**سەرچاوە:**

http://www.beck-shop.de/fachbuch/leseprobe